126 منالْ چاوەڕوانن بەرد باران بکرێن

به پێی هەواڵێك كه له سایتی العربیه بلاو كراوەته سەبارەت به قصاصی منالان، تێیدا هاتووه كه 126 "طفلا" في السعودية ينتظرون "السياف". یاسای قصاص و سەیاف و سەنگسارو چی و چی ، ئەو یاسا نامرۆڤانەن كه له ئاینی ئیسلامەوه سەرچاوەیان گرتوەو له بەشێكی زۆر له و وولاتاندا كه ئیسلام تێیدا دەسەلاتی هەیەو حوكم به ڕێوەدەبەن، ئەم یاسا دژی مرۆیه تێیدا له دژی منالان و ژنان بەڕێوه دەچێت.

به پێی ئەم یاسای دژی ئینسانەی ئیسلام ، شێوەی جۆراو جۆر هەیه بۆ بەردباران كردنی ئینسان و به تایبەتیش ژنان و منالان ، له ئێرانی ژێر دەسەلاتی جمهوری ئیسلامیدا چاڵێك هەڵدەكەنن تا نیوەقەدی مرۆڤەكه، ئەمجا خەڵكانێكی زۆر كۆ دەكەنەوه و دەست دەكەن بەبەرد باران كردنی ، تا له نێو بەردا نقوم دبێت و به ئازارەوه دەیكوژن ، یان هەڵكۆڵینی چاو ، له هەندێ شوێنی وەك وولاتی عەرەبی سعودیه جگه لەمه یاسای دەست بڕین یان لێكردنەوەی یەكێك له ئەندامەكانی لەشی مرۆڤیش هەیەو پەیڕەوی لێدەكرێت.

ئەم یاسا بەربەریانەو دژی ئینسانیانه تەنها له وولاتانی ئیسلامی و له ژێر پەیامی ئیسلام و ئاینی ئیسلامدا بەڕێوه دەچێت، وه یەكێكه له وەحشیترین و دژی ئینسانی ترین یاساكانی سەر ڕووی ئەم زەوییه. دەسەڵاتدارانی عەرەبی ئیسلامی سعودیه بۆخۆیان سەرچاوەی توندو تیژی و تاوانن دژ به ژنان و منالان ، یەكێك له دیكتاتۆرترین وولاتی دنیایه و له ژێر سایەی جبەو عەمامەكانیاندا ژن ئەسڵەن وەك مرۆڤ به حیساب نایەت و له سادەترین مافەكانی خۆیان بەهرەمەند نین ، لێدان و سوكایەتی كردن به منالان و ئیتاعەكردنیان بۆ گەورەكان و حیجابی بەزۆری منالان، به منالی بەشودانیان و ئیغتصاب كردنیان ، ئەمانه سادەترین شتێكه كه لەژێر دەسەلاتی حوكمی قەرەقوشی عەرەبی ئیسلامی سعودیەدا بەڕێوه دەچێت. هەر ئەمەشه سەرچاوەو هۆی هەموو ئەو تاوانانەی كه منالان له سعودیه پێی هەستاون.

جێگەی داخه كه بەشێكی زۆری ئەو خەڵكانەی كه هاتوون لەسەر ئەم فتوایەی ئیسلام و یاسای جەنگەڵی دژی ئینسانی وولاتی سعودیه نەزەری خۆیان داوه، بەگشتی لەو ئیسلامیانەن كه زۆربەیان لەگەڵ كرۆكی ئەو یاسایەدا كێشەیەكی ئەوتۆیان نییه و لەدژی نەوەستاونەتەوه، وه بەشی زۆریان دەلێن ئەمه یاسای خودایه و نابێت دەستكاری بكرێت، له هەمان كاتدا بەڕێوەبەرانی ئەم سایته جگله له نەزەری شیرو تیر بۆ كوشتنی منالان هیچ نەزەرێكی تری موجالف به خۆیان بلاو ناكەنەوه.

ئێمه له ڕێكخراوی "سەنتەری بەرگری له مافەكانی منالان" بەتوندی له دژی ئەم فتوا نامرۆڤانەیەی حكومەتی سعودیه دەوەستیەنەوەو مەحكومی دەكەین. ئەم یاسایه تەواو له دژی مرۆڤ و لەدژی هەرجۆرە ماف و عورفێكی ئینسانییه، ئەگەر نوێنەرانی كۆنەپەرستی ئاینی ئیسلام و ئاخوندو عەمامە بەسەركانی سعودیه لەهەرجێگەیەكی تری ئەم دنیایەدا و له وولاتانی پیشكەوتووی ئەمڕۆی دنیادا باس له سەپاندنی ئەم یاسایه بكەن نەك بەسەر ئینسان و منالاندا بەڵكو بەسەر گیانەبەردا ، ئەوا خۆیان و حكومەت و یاسایان ڕیسوا دەكرێن و دەكەونەبەر نەفرەت و توڕەی خەڵك له هەموو دنیادا.

یاسای قصاص و بەردبارانی منالان ، بەهەر هۆیەكەوه بێت دەبێت هەڵوەشێتەوه و هیچ كەس ئیجازەی نییه كه منالان بەردباران بكات، سوكایەتیان پێبكات وسزایان بدات ، بەڵكو دەبێت تەواوی پێداویستیەكانی ژیانیان بۆ دابین بكرێت و له ژیانێكی خۆش و ریفاه بەهرەمەند بكرێن ، ئەوه حكومەتی سعودیەیه كه بەرپرسه لەوتاوانانەی كه ئەو منالانه ئەنجامیان داوه نەك منالەكان خۆیان ، سیستەمەمی حكومڕانی دكتاتۆرانەی حكومەتی سعودیه كه بنەمای یاساكانی له ئیسلامەوه سەرچاوەی گرتووه ، تا سەر مۆخ یاسا و سیستەمێكی دژی منالان ، دژی ژنان و بەگشتی دژی دیموكراتیك و مافەكانی ئینسانه، ئەركی هەموو ڕێكخراوه مرۆڤدۆستەكان و بەرگریكەرانی مافەكانی مرۆڤ و بەتایبەتیش مافەكانی منالانه كه لەبەرامبەر یاسای بەردباران و قصاصی نامرۆڤانەی حكومەتی سعودیەدا دەنگ هەڵبڕن ، وه بەهەر شێوەیەك بۆیان دەكرێت فشار بخەنەسەر حكومەتی سعودیه كه دەستبەرداری ئەو یاسا دژی ئینسانیه بێت.

نەفرەت له یاسای بەربەری و دژی ئینسانیتان

ئازادی بۆ منالانی سعودیه

شێرزاد فاتح

سەنتەری بەرگری لەمافەكانی منالان

www.santarimnlan.com

sherzad_f@yahoo.com